**خەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆ ژنانی چالاکی کورد لە 8ی مارسدا**

# ڕێکخراوەی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە ڕێی لێ گیرا

لە ڕێکەوتی شەممە، هەشتی ڕەشەمەی ساڵی 1383ی هەتاوی، لە لایەن «حفاظت اطلاعات نیروی انتظامی جمهوری اسلامی»ەوە بە بنیاتنەرانی «ڕێکخراوەی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی» ڕاگەیاندرا کە ڕێکخراوەکەیان لە لایەن کۆماری ئیسلامییەوە ڕەتکراوەتەوە و مافی چالاکییان پێ نادرێ و بە هەر جۆرە چالاکییەك ڕووبەڕووی گیروگرفت دەبنەوە.

شایانی باسە ئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە هەوڵ بۆ مسۆگەر کردنی ئاشتی و دیموکراسی و ڕێگری لە توندوتیژی دژ بە ژنان و کەمینە نەتەوەییەکانە و دروشمی سەرەکیشی ئەمەیە:

## مافی ژن، مافی کورد= مافی مرۆڤ

«سەرهەنگ کیانی» بەرپرسێکی «حفاظت اطلاعات نیروی انتظامی جمهوری اسلامی» بەرپرسانی ئەم ڕێکخراوەیەی ئاگادار کردەوە کە بە هۆی «رد صلاحیت»ی «دوکتۆر روئیا تلوعی» و «خانم نگین شێخولئیسلامی» لە لایەن «اطلاعات»ەوە، ئەم ڕێکخراوەیە ڕەتکراوەتەوە.

«ڕێکخراوەی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی» ڕادەوەستێ لەسەر ئەوەی کە بە چالاکی خۆی درێژە دەدات و ئامادەی هەر چەشنە بەرەوڕوو بوونەوەیەکە و سکاڵاش دەبا بۆ **UN**.

**ڕێکخراوەی ژنانی کوردی پارێزەری مافی مرۆڤ و ئاشتی**

**سنە- 8ی ڕەشەمەی 1383ی هەتاوی**